بێ گومان ساختمانی پڕ شکۆی سێ نهۆمی زیویە یەکێکە لە عەجایبەکانی سەردەمی دەوڵەتی مادە، کە بە خۆراگریەکی بێ وێنە و باڵاو شێوازیکی سەرنجراکێش دروست کراوەو بەرزایی لە ئاستی رووی دەریا دەگاتە 1835 مەتر، هیچ بینەرێک بە پێوەری عەقڵی خۆی ناتوانێ باوەڕ بکات لە سێ هەزار ساڵی پێشوودا کۆشکێکی ئاوا بەم شکۆ و گەورەییەوە دروست کرابێ.
کۆشکی سێ نهۆمی زیویە بەگوێرەی مێژووناسەکان، هەمان کۆشکە کە (هیرۆدیت) لە نوسینەکانیدا لەسەر دەوڵەتی ماد باسی کردووەو، بۆ رازی بوونی دیاکۆ دروستکراوەو لە راستیدا ئەم کۆشکە ناوەندی یەکەمین دادخانە (دادگا) بووە لە دەوڵەتی ماد کە سەرچاوە ئێرانیەکان دەڵێن (ایران باستان.)
سەرچاوە: نامەیەکی کاک هەڤاڵ نەژاد سەبارەت بە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 02-09-2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سەقز |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 39

## تەوراتێکی جیاواز لە کوردستان گەیێندرایە ئیسرائیل

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012309244584691



تەوراتێکی کۆن کە 200 ساڵ پێش ئێستا لە کوردستان نووسراوەتەوە، دوای چەندین جار شوێنگۆڕین گەیێندرایە ئیسرائیل.
ئەم تەوراتە، ماوەیەک لەلای پۆلیسی نهێنی سەدام حوسێنی سەرۆکی پێشووتری رژێمی عێراق هەڵگیرابوو، ڕۆژی پێنجشەممەش گەیێندرایە وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە قودس و لەمەودواش بۆ نوێژی ڕۆژانە لە وەزارەتەکە بەکاردێت.
تەوراتەکە ماوەیەکی زۆر ئەم شوێن و ئەو شوێنی پێکراوە، سەرەتا لە دوای شەڕی دووەمی کەنداوەوە هێزە ئەمریکییەکان لەنێو چەند ئەرشیفێک لە بەغدا دۆزیانەوە و بردیان بۆ باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە ئوردن، ساڵی پاریش گەیێندرایە ئیسرائیل.
ماوەی 7 مانگ شارەزایان لە ئیسرائیل خەریکی چاککردنەوەی کتێبەکە بوون تاوەکو ڕۆژی پێنجشەممە لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی ئیاڤیگدۆر لیڤەرمان، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل و ستافێکی وەزارەتی دەرەوە و

چەندین کوردی جوولەکەی ئەو وڵاتە تەوراتەکە نیشاندرا.
وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل قەدەری ئەو کتێبە بە قەدەری گەلی ئیسرائیل دەچوێنێ و دەڵێت:" گەشتەکەی ئەم تەوراتە لە کوردستانەوە بۆ بەغدا، عەمان و دواتر بۆ ئیسرائیل وەکو گەشتی گەلی ئیسرائیلە" هەروەها دەشڵێت:" خەڵک هەوڵی لەناوبردنمان دەدەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەگەینە خاکی ئیسرائیل."
وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکدا لەمبارەیەوە دەڵێت:" زۆربەی تەوراتە کۆنەکان لەسەر چەرمی مانگا نووسراونەتەوە، بەڵام ئەم تەوراتە جیاوازە و لە باکووری عێراق (باشووری کوردستان بە ئاوی هەنار لەسەر پێشتی ئاسک نووسراوەتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 23-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ئیسرائیل |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 40

## تەکیەی کرماشان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120522182278133



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کرماشان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 41

## جوتیارێک لە کێڵگەکەیدا گۆزەیەکی دۆزییەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120415165378122



هێمن محەمەد
دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو جووتیارێکی دانیشتووی ناحیەی قۆرەتوو سەرقاڵی لابردنی گردێک دەبێت لەناو زەوییە کشتوکاڵییەکەیدا، گۆزەیەکی گەورە و دێرین دەدۆزێتەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.
محەمەد عەلی، لێپرسراوی مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان، بە خەندانی وت: "هەفتەی رابردوو دانیشتوویەکی گوندی قەڵاتەپان، سەر بە ناحیەی قۆرەتوو، بەمەبەستی رێککردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکەی ویستوویەتی گردێکی بچوک لەناو زەوییەکەدا لا ببات، دواتر گۆزەیەکی قەبارە گەورەی دۆزیوەتەوە."
وتیشی: "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان مێژووی گۆزەکە بۆ سەردەمی ساسانییەکان لە نێوان ساڵانی (1500-1800ز) دەگەڕێتەوە."
ئەوەشی خستەڕوو، لە و کاتەدا کە شە و بووە، ئە و جووتیارە پۆلیس و ئاسایشی ناحیەی قۆرەتوو لە گۆزەکە ئاگادار کردوەتەوە، دواتریش هەمان شە و تیمێکی بەشی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان گەشتوونەتە ئە و شوێنە و گۆزەکەیان دەرهێناوە، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی تەواوی ئە و گۆزەیە تەواو نەبووە.
ناحیەی قۆرەتوو سەر بە ئیدارەی گەرمیانە و دەکەوێتە دووری 30 کم لە خۆرهەڵاتی شاری کەلار
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەلار |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 42

## جوهنی و دەستە جوهنی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110506082931573314



دهۆک، 8000 ساڵ پ.ز.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | دهۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 43

## جۆگەی کۆنی ئاودێری بابانەکان لە قەڵاچوالان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141204202117118192



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 44

## جەقەلتو

http://www.kurdipedia.org/?q=20120930194405733733



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 45

## چوار تاقان

http://www.kurdipedia.org/?q=20120520091147648014



کەوتووەتە باشووری شاری کۆیەو لە ساڵەکانی سەرەتایی سەدەی بیستەم کاروان سەرای نێوان کۆیەو هەولێر کۆیەو کەرکووک... بووە. ئەم شوێنەوارە چوارکوپی گەورەی لێ داندراو رۆژانە پڕکراوە لەئاو بۆ رێبواران و کاروان چیەکانی دەوورو بەری شاری کۆیە کە دوای پشوو دانێک بەخۆیان و وڵاغەکانیان کەلو پەلەکانیان دەگەیاندە بازاری شاری کۆیە.
دوای فرۆشتنی کەلوپەلەکانیان و ئامادەکردنی کاروانەکەیان بەهەمان رێگادا دەگەڕانەوە ئەم شوێنەوارە لە ساڵی (2002) لە لایەن قائیمقامیەتی کۆیە نۆژەن کراوەتەوە.
سەرچاوە: فەیسبووکی وێنە و مێژوو

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 46

## چیای نەمرود و شوێنەواری نەمرود

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022118382680632



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 47

## چیرۆکە عاشقانەکەی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012101415122873422



گوندی داودییەی زێدی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی) بەدووری (5کم)دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شاری قەڵادزێ. هەرچەندە مێژووی ئەو ڕووداوە نازانرێت، بەڵام بەپێیی قسەی پیاوانی بەتەمەنی گوندەکە نزیکەی(500)ساڵ بەرلەئێستا لەو گوندەدا کورو کچێک بەناوی(فەرخ و ئەستی) بەشێوەیەک عاشقی یەکتربوون کە لەئێستادا گێرانەوەی بەسەرهاتەکەیان بەبەیت و هۆنراوە شوێنێکی دیارو بەرچاوی هەیە لەناو داستانەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردەواریدا.
بەپێیی گێرانەوەکان: پیاوێک بەناوی (مامادین) کە خەڵکی گوندی داودییە بووە، دوای مردنی(12)کوڕی لەتەمەنی پیریدا خوا کوڕێکی تری پێ بەخشیووە بەناوی(فەرخ). ئەو منداڵە هەردوای لەدایک بوونی دەستیکردوە بەقسەکردن و پێکەنین! هەربۆیە خەڵکی گوندەکە پێیی سەرسام بوون. لەوکاتەدا(مام خەلیفە)ی برا گەورەی مامادین و باوکی(خاتوون ئەستی)لەترسی سوڵتانی ئەوکاتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بڕیاریداوە ئەو منداڵە مەترسیدارە نەگبەتە بخاتە ناو تەویلەی ئێسترو ئەسپەکانییەوە بۆ ئەوەی بەناڵی قاچەکانیان بیکوژن، بەڵام دواتر ئەو کارەی مامی فەرخ بێ ئاکام بووە. پاشان خەڵکی ناوچەکە بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو منداڵە مرۆڤێکی ئاسایی نییە، بەڵکو لەداهاتوودا دەبێتە شێخ و کەسێکی ناودار. دوای گەورە بوونی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، هەردووکیان بەشێوەیەکی سەرشێتانە عاشقی یەکتر بوون. هەرچەندە خاتوون ئەستی لەبری شوانیکردن بۆ باوکی لە(شوخاڵ)ناوێک مارەکراوە، بەڵام فەرخ و ئەستی گوێیان بەو کارە نەداوە. سەرئەنجام دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەیان شێخ فەرخ بەناچاری گوندی داودییەی جێهێشتووەو ڕوویکردۆتە وڵاتی شام بۆلایماڵی خاڵانی. دوای ماوەیەکیتر کاتێک شێخ فەرخ هەواڵی نەخۆشکەوتنی ئەستی مەعشوقی دەزانێت بڕیاریداوە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان. دوای گەڕانەوەی لەخوار گوندی داودییەو لەنزیک کانی(بەیبوون)ی ئێستا، کۆمەڵێک منداڵ دەبینێت و پرسیاری دەنگ و باسی ئاواییان لێدەکات. ئەوانیش لەوەڵامدا دەڵێن: (خاتوون ئەستی نەخۆشەو خەریکە دەمرێت!)وەک توانجێکیش دەڵێن: (بڕۆ گۆشت و پڵاو بخۆ). ئەویش لەداخی ئەو هەواڵە ناخۆشەدا دەسکە بەیبوونەکەی ناوپشتێنی فڕێدەداتە سەر زەوی. هەربۆیە لەئێستادا ئەوشوێنە بەکانی بەیبوون ناسراوەو تاوەکو ساڵانی ڕابردووش ئەو گوڵە لەشوێنەکە سەوز بووە. دواتر لەنزیکی گوندەکە شێخ فەرخ (زەنوون)ی شوانی مێگەلەکەی خۆیان دەبینێت، ئەویش لەبەرامبەر نەخۆش کەوتنی خاتوون ئەستیدا زۆر دڵی دەداتەوە. هەربۆیەو لەئەنجامی ئەو دڵدانەوەیەدا دواتر شێخ فەرخ دەڵێت: (کاتێک کە مردم و کەسێک ویستی سەردانی گۆڕەکەم بکات دەبێت پێشتر سەردانی گۆڕی(شێخ شوان)واتا شێخ زەنوون بکات، چونکە خۆشەویسترین کەسی منە). لەکۆتاییدا بەداخەوە مردن ڕێگە نادات شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی بەیەک بگەن، چونکە خاتوون ئەستی بەهۆی نەخۆشییە کوشندەکەیەوە کۆچی دوایی دەکات. جێگای ئاماژەیە ئێستا هەرسێ گۆڕی(شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی و شێخ شوان)لەیەک گۆڕستاندا بەدووری چەند مەترێک دەکەونە خۆرهەڵاتی گوندی داودییە.

عومەر ئیسماعیل مارف

تێبینی: ئەو بابەتە لەژمارە(11)ی گۆڤاری(کەپر)دا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (عومەر ئیسماعیل مارف) سەبارەت بە (چیرۆکە عاشقانەکەی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی) لە: 14-

12:02:31 2012-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: رانیە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 48

## چەرمۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110411211556564 31



بەیەکێک لە گرنگترین و بەناوبانگترین شوێنەوارەکانی کوردستان و هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت بە شێوەیەک کە توانیویەتی ببێتە زنجیرەی یەکەم لە ریزبەندی شارستانیەتی چاخی بەردینی نوێ و ناونراوە بە (شارستانی چەرمـۆ) وە بە یەکەم گوندی نمونەیی کشتوکاڵیی دادەنرێت لە مێژوودا.هەروەها مرۆڤ لە گوندی چەرمۆ دا توانیویەتی بەیەکجاری لە ژیانی ناو ئەشکەوتەکان دوور کەوێتەوە و بۆ خۆی خانوو دروستبکات و بۆ ماوەی هەرچوار وەرزەکە تێیدا بمێنێتەوە. ئەمەش بە بەڵگەی دۆزینەوەی ژمارەیەک لە پاشماوەی خانووەکانی لە ئەنجامی هەڵکۆڵینەکەدا.هەروها شارستانی چەرمۆ وەرچەرخانێکی گرنگە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ئەویش بەلاوەنانی کەرەستە بەردینەکان و بەکارهێنانی گڵە بۆ دروستکردنی کەرەستە و پێداویستیەکانی ناوماڵ، بە تایبەتی قاپ و قاچاخ و گۆزەکاری. هاوشێوەی گوندی چەرمۆ لە ناوچەی (ئەریحا)لە فەلە ستین و (چەتەڵ هیوک) لە ئاسیایی بچوک، (بەردحوشتر) لە هەولێر (تەپە گوران) لە کرماشان و چەند ناوچەیەکی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدۆزراوەتەوە .

شوێنەکەی:

شوێنەواری چەرمۆ دەکەوێتە ناوچەی چەمچەماڵ لە بەشی رۆژهەڵاتیەوە بە دووری(15)کم، وە دووری (35) کم لە رۆژهەڵاتی شاری کەرکوک لە شوێنێکی گردەڵانیدا,ڕووبەرەکەی نزیکەی 1400مەتری چوارگۆشەیە، بەرزیی لـە ئـاستـی رووی دەشتەکەیدا نزیـکەی (23) پێی بەرزە، رووبـەری ئـەم شوێنە (90×140) مەتر دەبێت وە قـوڵی پـاشماوە شوێنەوارییەکەی نزیکەی (7) دەبێت لە لووتکەی گردەکە بەرەوە خوارەوە(10).

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (نەوزاد کەلاری) سەبارەت بە (شوێنەواری چەرمۆ) لە: 11-4-2011 19:36:33

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

شارەکان: چەمچەماڵ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 49

## چەندین پارچە ئاسەواری ناوازە لە گەرمیان دۆزرانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031923541156185



خەندان- سۆران کەریم
لە ئەنجامی کارکردن لە پرۆژەی جووتسایدی کەلار_ سلێمانی، چەندین پارچە ئاسەواری مێژووی دەرکەوتن، بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان تیمیکی رەوانەی شوێنەکە کرد و چەندین پارچە ئاسەواریان دەرکرد.
ساڵح محەممەد سەمین، جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، لە لێدوانێکیدا بۆ خەندان، رایگەیاند :"لە ناوچەی گەرمیان چەندین پارچە ئاسەوارمان دۆزییەوە."
ئاماژەی بەوەشدا، کە دوای ئەوەی لەلایەن هاوڵاتیەکەوە بەرێوەبەرایەتییەکەمان ئاگادار دەکرێتەوە لە دەرکەوتنی کۆمەڵێک پارچە گۆزە، کە لە ئەنجامی کارکردن لە پرۆژەی جووت سایدی کەلار- سلێمانی لە نزیک گوندی (بەردەسووری سەروو دەرکەوتن، تیمێکمان رەوانەی شوێنەکە کرد.
جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، وتیشی :" تیمەکەمان دەستی بە کارکردن کرد، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری کۆن دەرکەوتن، لەوانە چەند گۆزەیەک کە گۆزەیەکیان نەخشی هێڵداری لەسەرە هەروەها سەرە تیرێک، لەگەڵ چەند مووروویەکی جوانکاری."
ئەوەشی خستەڕوو، کە بە شێوەیەکی گشتی پاشماوەکان لە ژێر تاوێرەبەردا دانرابوون و هەروەها هەندێ ئێسک و پروسک لەکاتی کارکردندا دەرکەوتن کە پێدەچێت پاشماوەی گۆڕستانێک پیشان بدات لەو شوێنە.
ساڵح محەممەد سەمین، وتیشی :" بەلام بە هۆی پشووی چەژنی نەورۆزەوە کارکردنمان لە شوێنەکەدا وەستاند."
سەبارەت بە مێژووی ئاسەوارەکان، ئەو بەرپرسەی شوێنەواری گەرمیان، وتی:" هێشتا بۆمان دەرنەکەوتوە مێژووەکەیان بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بەلام بەهۆی شێوزای گۆزەکان و جۆری ناشتنی مردووەکان و پاشماوەکانی تر دەتوانین سەردەمە مێژووییەکەی لە داهاتوودا دیاری بکەین."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەلار |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 50

## حمام خان (پیر ظهیری) سنه

http://www.kurdipedia.org/?q=20090903123530197



ئەم بینایە دەکەوێتە باکووری بازاری سەرداپۆشراوی سنە، بەگوێرەی بەڵگە مێژوویەکان لە ساڵی 1220 (هـ. ق) هیجری، قەمەری، دروست کراوە بە دەستووری امان الله خانی ئەردەڵان، کە ئەودەم حاکمی شاری سنە بووە، ساڵی 1296 (هـ. ق) لەلایەن ئەمین التجار نۆژەن کراوەتەوە.
ئەم حەمامە پێکهاتووە لە کڵاورۆژنە و سربینە و گەرم خانە و خەزینە، کە بە کەرەستەی اهک (گەچ) کاشی کاری و سنگ فەرشکردنی مەڕمەڕ داپۆشراوە. هەروەها بە ژمارەی (2603)تۆمار کراوە بە شوێنێکی مێژوویی.
سەرچاوە: نامەیەکی کاک هەڤاڵ نەژاد سەبارەت بە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 02-09-2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گەرماو

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سنە |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 51

## حەمامی حاجی ساڵح

http://www.kurdipedia.org/?q=20120114221113638



حەمامێکی مێژوویی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە فەرمانگەی میراتی کولتووریی و شوێنەوارە مێژووییەکانی وڵاتی داگیرکەری ئێران تۆمار کراوە.
لە ڕاپۆرتێکدا کە لە پێگەی فەرمی خۆیدا بڵاوی کردوەتەوە (فەرمانگەی میراتی کولتووریی و شوێنەوارە مێژووییەکانی وڵاتی داگیرکەری ئێران) هۆشداری ئەوەی داوە کە حەمامی مێژوویی حاجی ساڵحی سەقز، لە حاڵی فەوتان و لەنێو چووندایە و ئەگەر بەرپرسانی پەیوەندیدار چارەسەرێکی بۆ نەدۆزنەوە بە زوویی هەرەس دەهێنێت.
لە بەشێک لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە بە هۆی پشتگوێ خستنی ئەم شوێنەوارە مێژووییە لە لایەن بەرپرسانی فەرمانگەی میراتی کولتووری و هەروەها درووستکردنی کۆمەڵێک باڵەخانە و تەلاری گەورەی بازرگانی لە تەنیشت حەمامەکەدا، هەنووکە جگە لەوەی کە نما و بەجەوەنی حەمامی حاجی ساڵح بە تەواوی داپۆشراوە، مەترسی ڕووخان و هەرەس هێنانی ئەم شوێنەوارە مێژوویی و دەگمەنەی شاری سەقز، لە هەموو کاتێک زیاترە .

سەرچاوە: ناوەندی هەواڵنێری سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن
زمان - شێوەزار: کرمانجیی باشوور - سۆرانی
شارەکان: سەقز
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 52

## خانوو و چوخمێکی کۆن لە کفری

http://www.kurdipedia.org/?q=2013011321460174824



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 53

## خانوویەکی کۆنی گەڕەکی سابوونکەرانی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013011320291174821



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: گەڕەک
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 54

## خانی حەسەن پاشا لە ئامەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082923320789014

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شارەکان: ئامەد

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 55

## خانەقای سەید ئەحمەد لە کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20141226004235118498

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: مزگەوت

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 56

## دراوێکی سەردەمی پاشا کیسرا دۆزرایەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061222542476659



خەندان- سۆران کەریم

دراوێکی سەردەمی ساسانییەکان لەلایەن تیمێکی سەربە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارەکانی گەرمیان دەدۆزرێتەوە کە وێنەی یەکێک لە پاشاکانی ئە و سەردەمەی بەسەرەوەیە.

نەوزاد عەبدولەتیف، شوێنەوارناس لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، بە خەندانی ڕاگەیاند :"لە ئەنجامی کارکردن لە گردێکی بچووکی شوێنەواری لە گەڕەکی بەختیاریی شاری خانەقین، تیمێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دراوێکی زۆر کۆنی دۆزییەوە."

ئە و شوێنەوارناسە، ئاماژەی بەوەشدا، کە دوای پاککردنەوەی دراوەکە، دەرکەوت مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشا کیسرای یەکەم (نەوشیروان) کە لە ساڵی 531 تا 579ی زاینی حوکمڕانی ئیمپراتۆری ساسانییەکان بووە.

ئەوەشی خستەڕوو، کە دراوەکە ژەنگێکی زۆری پێوەبووە، چەند ڕۆژێکیشە

سەرقاڵی پاککردنەوەین، وتیشی :" لەگەڵ دراوەکەدا کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری دیکەمان دۆزیوەتەوە."
لە ڕێکەوتی 9ی حوزەیران، تیمێکی شوێنەواری گەرمیان لە گەڕەکی بەختیاری شاری خانەقین، دەستیانکرد بە گەڕان لە گردێکدا کە پێشتر تیمێکی مافی مرۆڤ بە دوای گۆڕی بەکۆمەڵدا لەوگردە دەگەڕان، لە و گەڕانەشدا تیمەکە چەندین پارچە شوێنەواری دێرینیان دۆزییەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | خانەقین |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 57

## دوزگوین باڤا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072913294977169




دوزگوین باڤا، ناوی یەکێک لەو مەزارگانەیە، کە عەلەوییەکانی باکووری کوردستان بۆ راز و مراز و چارەسەری نەخۆشەکانیان سەردانی دەکەن.
ئەم مەزارە دەکەوێتە چیاکانی شاری دێرسیمی باکووری کوردستان، بەلای دێرسیمییەکانەوە شوێنێکی پیرۆزە و کاتێک سەردانی دەکەن، جگە لە نزا و پاڕانەوە، هەروەها قوربانیش سەردەپڕن و بەسەر زیارەتکاراندا دابەشی دەکەن.
هەندێک لەوانەی سەردانی دوزگوین باڤا دەکەن ئەوانەن، کە منداڵیان نابێ، بۆیە جیاوازییەکە لێرە، کاتێک دروستدەبێت، کە ئەو کەسانە کوریان ببێ ناوی لێدەنێن دوزگوین.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 2014-07-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| جۆری پەڕتووک: | دۆزی کورد |
| جۆری شوێن / شوێنەوار: | شوێن |
| زمان - شێوەزار: | تورکی |
| شارەکان: | دەرسیم |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 58

## دوو ئەڵمانی پشکنین لە گوندی بەکراوادا دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112223638118762



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

| | |
|---|---|
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 59

## دۆزینەوەی چەندین پارچە ئاسەواری سەردەمی ساسانییەکان لە خانەقین

http://www.kurdipedia.org/?q=20140611202900766511



خەندان- سۆران کەریم

لەکاتی گەڕان بەدوای گۆڕی بە کۆمەڵ لە گەڕەکێکی شاری خانەقین، چەندین پارچە ئاسەواری کۆن دەدۆزرێتەوە و لەلایەن تیمێکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، بەشێکیان لێهەڵدەگیرێتەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.

ساڵح محەممەد سەمین، جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، بە خەندان_ی ڕاگەیاند :" لەلایەن ئیدارەی گەرمیان ئاگادار کراینەوە بەوەی لە کاتی کارکردنی لیژنەیەکی سەر بە مافەکانی مرۆڤ لە گەڕەکی بەختیاری خانەقین، کە بەدوای گۆڕی بەکۆمەڵدا دەگەڕان، چەند پارچە ئاسەوارێک دۆزراوەتەوە."

ئاماژەی بەوەشدا، کە ڕاستەوخۆ لیژنەیان پێکهێناوە و دەستیانکردووە بە گەڕان لە و شوێنەدا، وتیشی :" چەند پارچە ئاسەوارێکی کۆن کە بە پێی زانیاری و ئاماژەکان، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان."

جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، ئەوەشی خستەڕوو، کە پارچەکان بریتین لە گۆزە و بەردی عەقیق و جام و دراو و چەند پارچەیەکی دیکە، وتیشی :" دوو ڕۆژ لەوشوێنەدا کارمان کرد، ودەرئەکەوێت کە گۆڕێکی کۆن بێت، بەڵام لەبەر کەمی بودجە کارکردنمان تیایدا ڕاگرت تا ئەوکاتەی بودجەی پێویستی بۆ دابین دەکەین، هاوکات بەهۆی دۆزینەوەی ئە و ئاسەوارانەوە کارکردنی لیژنەکەی مافی مرۆڤیش ڕاگیرا."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-06-4201

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | خانەقین |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 60

**دۆڵی بارام**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100302120613380З



لە شاری ماداکتۆ لە ئیلام.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ئیلام

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 61

**دیواری کورد لە بەیتولمەقدیس**

http://www.kurdipedia.org/?q=2010101609504610109



ئۆرشەلیم - ئیسرائیل
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ئیسرائیل

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 62

**دێری ئاختامار**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050714061676097



دێری ئاختامار، بەدووری 54 کم دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری وانی باکووری کوردستان و لەناو دوورگەیەکی دەریاچەی وانە کە ناوی دوورگەکەش هەر ئاختامارە.
ئەو دێرە لەنێوان ساڵانی 908 بۆ 921 لەلایەن ئەرمەنییەکان دروستکراوە و هەتا ساڵی 1021 وەک کڵێسای ئەرمەنییەکان بەکارهێنراوە و دواتریش بۆ ماوەیەکی درێژ بووە بە گەورەترین ناوەندی کەلتوری ئەرمەنییەکانی میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ.
دێری ئاختامار لەناو دەریاچەی وان، بووە بە شوێنێکی گەشتیاری و بەردەوام گەشتیاران ڕووی تێدەکەن.
دێری ئاختامار، بەپێی ئەفسانەی ئەرمەنی، (تامار) ناوی کچی قەشەیەکی ئەرمەنی بووە، کوڕێکی موسوڵمان عاشقی بووە، ئەو کوڕە بە مەلە هەموو ڕۆژێک چووە بۆ بینینی تامار، ئێوارەیەک تامار و چراکەی لە چاوەڕوانی خۆشەویستەکەی دەبێت، باوکی تامار هەستپێدەکات و دەچێت کچەکەی دەباتەوە و زیندانی دەکات.
کوڕەکە بەردەوام دەبێت لە پەڕینەوە بۆ دوورگەکە، کە ماڵی کچەکەی لێیە، کاتێک نزیک دەبێتەوە، چراکە دەبینێت و نازانێت کە ئەو چرایە بەدەستی باوکی کچەکەوەیە، باوکی کچەکە هەرجارەیان چراکە دەباتە شوێنێکی جیاوازی دوورگەکە، کوڕەکەش لەگەڵ چراکە بەردەوام ئاڕاستەی ڕۆشتنەکەی دەگۆڕێت هەتا لەو شەوەدا دەخنکێت و دواهەمین ووشە کە بەهاوارکردنەوە دەیڵێت؛ "ئاخ تامار"ە، دواتریش تامار خۆی ژەهرخوارد دەکات و دەمرێت، بەوهۆیەوە ناوی دێرەکە و دوورگەکە بووە بە ئاختامار.
جۆرەها وێنە، نەخش و نیگار لەسەر ئەم بینایە دروست کراوە، کەهەندێکیان گوزارشت لە کاری ڕۆژانەی خەڵکی ئەوسا دەکەن، هەندێکی تریان گوزارشتی بەسەرهات و چیرۆکی پێغەمبەران (هەر لە ئادەمەوە تا عیسا) دەکەن، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێت، دەتوانرێت مێژووی ئەو دێرە بەنووسین و نەخش و نیگارەکانی بزانرێت و بنوسرێتەوە .
هەروەها لەم دێرەدا فێرگە هەبووە بۆ پێگەیاندنی قەشە، بەڵام لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان روخاوە، ئێستا شوێنەواری فێرگەکە ماوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 07-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

| | |
|---|---|
| شارەکان: | وان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 63

## دێری رەببان هورمز لە پارێزگای دهۆک

http://www.kurdipedia.org/?q=20130827093259890086



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شارەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 64

## دێری عاسی لە شنگال

http://www.kurdipedia.org/?q=201404221421475931




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 65

## دەربەندی بێلولە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012090817033572982



کەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی گوندی دەربەندی بێلولە، ئەو گوندە لەسنووری ناحیەی( مەیدانی سەر بەقەزای خانەقین-ە. لەسەر چیایەک هەڵکۆڵراوە کە زیاتر لە(150)مەتر لەبنکەی چیاکەوە دوورە، بەرزی ئەو نەخشەیە(90)سەنتیمەترە....بەپێی نووسینە مسماریەکانی سەر ئەو وێنە هەڵکۆڵراوە کە بەچەند شێوەیەک ناوی پاشا(تارونی)خوێندراوەتەوە، بۆچوونی وا هەیە کە وێنەکانی نەخشەکە کۆنترن لەنووسینەکە.

سەبارەت بەمێژووی نەخشەکە وەک شارەزایانی بواری شوێنەوارناسی گەرمیان ئاماژەی پێدەکەن، بۆچوونی جیاواز هەیە. شارەزایەکی شوێنەوارناسی بیانی سەردەمی نەخشەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ماوەی فەرمانرەوایی(ئەکەدییەکان)ی بنەماڵەی(ئووری سێیەم)واتە(2350–2230 )بۆ(2112–2006 )پێش زایین، کە فەرمانڕەواییان لەو ناوچانەکردوە. واتە ئەو ناوچەیەی کە نەخشەکەی تێدا هەڵکۆڵراوە، ماوەیەک ناوچەی وڵاتی(لولوییەکان)بووە.

لەلایەکیترەوە بەبۆچونی شوێنەوارناس(دڵشاد عەزیز زاموا)ئەو نەخشەیە

سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم یان نۆزدەهەم(پێش زایین)ئەمەش بەپشتبەستن بەکۆمەڵێک بەڵگەی هونەری.
لە پەیجی (کوردانی زەردەشتی) وەرگیراوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 66

## دەربەندی گاور

http://www.kurdipedia.org/?q=2013050510114378673



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 67

## دەرگای قەڵا لە ئامێدی

http://www.kurdipedia.org/?q=20101009180551991 8



سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 68

## دەرماناوە

http://www.kurdipedia.org/?q=201204221523264602




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: مەخموور

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 69

## دەروازەی سلێمانی لە کفری

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122100534787143




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کفری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 70

## دەقولباب

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111617454787811



ساڵی 1933 لە سلێمانی لەلایەن ئەحمەد مەحمود ئاغاوە دروستکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 71

## دەمانچەیەکی سەردەمی کارخانەکەی میری سۆران

http://www.kurdipedia.org/?q=2010101919114610150



سەرچاوەی وێنە: ماڵپەڕی زاری کرمانجی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 72

## زەرزی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012122516435674459



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 73

## ژنێکی کورد لە نزیک شەوێنەوارێکی کوردستانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112131302118744



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 74

## ساتوقەڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=20131216100014872 09



تەق تەق

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 75

## شوێنەوارناسێکی ئەڵمانی سەرقاڵی کاری کنەو پشکنینە لە بەکراوا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112215910118756



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 76

## شوێنەواری مێژوویی سەردەمی پارتێکان یان ئەشکانێکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014121213025078196



Detail of stucco column relief from Qal'a-ye Yazdegerd, Kurdistan, Parthian period. Photograph courtesy of the Royal Ontario Museum, Toronto, Canada, no. QY76.A40.

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 77

## شوێنەواری مێژوویی نیکرۆپۆلس لە گوندی دارا، کە دەکەوێتە نێوان شاری نسیبین و جزیرە لە باکووری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121412374187251



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: گوند
شارەکان: جزیرە
وڵات: باکووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 78

## فەقرەقا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012101921412373439



فەقرەقای مەهاباد. ژمارەیەک لە پادشاکان، شازادەکان و خاتوون و کەسایەتیە بەرجەستەکانی مێدیا کە لە ناو دڵی بەرد و شاخەکان دا نێژراون. فەقرەقا، هەڵکەوتوو لە نزیک شاری مەهاباد، نموونەیەکە لەم گۆڕانە. تەمەنی ئەم شوێنانە بۆ زیادتر لە پێنج سەت ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.

سەرچاوە: لاپەڕەی فەیسبووکی شێرکۆ جیهانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شارەکان: مەهاباد

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 79

## قبر کوجک زرو

http://www.kurdipedia.org/?q=20120930194015733 72



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: شنگال
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 80

## قزقاپان

http://www.kurdipedia.org/?q=20100529202137 4329



ئەشکەوتێکە کەوتۆتە ناوچەی چەمی ڕەزانی نێوان سلێمانی و سووررداشەوە، کۆمەڵێک نەخشی مادەکانی تێدا هەڵکەنراوە. 3 گۆری تێدایە و نیشانی ئاهورامەزداشی تێدا دروستکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: ئەشکەوت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 81

## قشڵەی مەخموور

http://www.kurdipedia.org/?q=20081216231443803



ئەم قشڵەیە دەکەوێتە ناوەندی شارۆچکەی مەخموور کە سەر بە پارێزگای هەولێرە. مێژووی دروستکردنی ئەم قشڵەیە دەگەڕێتەوە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان (1907 ز) کە بۆ مەبەستی سەربازی بەکاریان هێناوە .
ئەم قشڵەیە بەشێوەی لاکێشەییە بە رووبەری (3724)م کە دەکاتە ( 888م2) بە بەرد و گەچ و قسڵ دروستکراوە، لە دوو نهۆم پێک هاتووە، دوو دەرگای هەیە (رووەو باکوور و باشوور.)
سەرچاوە: ماڵپەڕی پارێزگای هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 82

## قشڵەی کۆنی گوێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20120422215103646O1



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 83

## قشڵەی کۆیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20081216232720805



ئەم قشڵەیە دەکەوێتە ناو سەنتەری شارۆچکەی کۆیە بەلای رۆژئاوایدا، چەند راو بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر مێژووی دروست کردنی ئەم قشڵەیە، یەکێک لەو بۆچوونانە مێژووی دروست کردنی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی مەمالیک، سەرچاوەیەکی تر مێژووی دروست کردنی دەگەرێنێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لە سەردەمی والی عوسمانی فەرمانرەوای بەغدا (میدحەت پاشا) (1869 – 1872 ز) کە والی عوسمانی بووە لە بەغداد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 84

## قشڵەی کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=201009272301089709



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 85

## قەسری شەمامک

http://www.kurdipedia.org/?q=201105122039457862

ئەم گردە دەکەوێتە دووری 30 کم لە باشووری رۆژئاوای شاری هەولێر کە گردێکی زۆر گەورەیە و بە قەسرێکی شوێنەواری ناسراوە."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 86

## قەڵای بانەمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110404222617857



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 87

## قەڵای پاشا کۆرە - سارتکە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012041822122564570



دوکان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

ووڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 88

## قەڵای چاری

http://www.kurdipedia.org/?q=2011062922150760389

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 89

## قەڵای خانزاد

http://www.kurdipedia.org/?q=20081216231752804




ئەم قەڵایە دەکەوێتە نزیک گوندی بانەمان لەلای باکووری شاری هەولێرەوە بە دووری (28 کم)، لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویدا باسی دروست کردنی ئەم قەڵایە نەکراوە، وا مەزندە دەکری کە ئەم قەڵایە دروست کراوە لە پێش (محەمەد پاشای رواندوز) کە میری رواندوز بووە لە دوای مردنی باوکی لە ساڵی (1242ک / 1826 ز.)

ئەم قەڵایە بەشێوەیەکی لاکێشەی نارێک درووست کراوە کە درێژی و پانی لایەکانی وەک یەک نییە و لە دوو نهۆم پێک هاتووە کە هیچ نەخش و نیگاری و نووسینێکی لەسەر نییە بۆیە دیاری کردنی مێژووی بە روونی دیار نییە، وە ئەم قەڵایە بۆ کاروباری سەربازی بەکارهاتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 90

## قەڵای ساروقوغان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110629233245603393

قەڵایەکی سەختە و دەکەوێتە نزیک مەراغە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 91

## قەڵای سێگردکان یان بان قەڵات

http://www.kurdipedia.org/?q=20141224213345118476



دەمێک بوو گوێ بیستی (قەڵای سێگردکان) بوو بووم، بۆیە بەرواری(2003/3/31) ڕۆژی دوو شەممە، لەگەل(چالاک عەبدولخالق ئەمین)ی وێنەگری شەرمین لەتەقتەق و مامۆستا (عومەری مەلا عەبدولکەریمی سێگردکان ومامۆستا قوباد عومەر فەتحوڵلای برام) سەردانی گوندی سێگردکانم کردوو نیوەڕۆ لەماڵی مامۆستا(وهاب عەبدولکەریمی سێگردکان) بووینە میوان و دوای نیوەڕۆ بەرەو ئاقاری(بان قەڵات) بەرێ کەوتین، جگە لەمانەی باسم کرد، هەریەک لە(مەلا ڕەفیق برای مەلا عەبدولکەریمی سێگردکان و لالە عومەری مام عەزیز)یشمان بوونە هاوسەفەر و هاوڕێی گەشتەکەمان، بەژووروی گوندەکە بەسەر دۆلی(مێرەم کوژرای) ڕێگامان گرتە بەر و چوینە سەرگردی(سورکەل) و ڕێگای کاروانی گوندەکە لەژورووی ڕۆژئاوا، لاڕێی(ژەنگار، قەڵامۆرد)، کە خەڵکی گوندەکە بەم ڕێگایە بۆ(بەلەبان ومیرکە ونێرەگین و بەستی شەرغە) ڕۆیشتوون، لەڕێگادا بەلای دەستەچەپ لای خواروو(موردەلی ئەحمەکلاو) و(موردەلی ئەحمەسیس)یش لەبەشی سەروویدایە، لەلای دەستەڕاستی ڕێگاش(لوتکی ئیمام عەلی)یە، کە بە30دەقیقە گەیشتینە لای بە پێ ڕۆیشتن لەئاواییەوە، لای ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە(تەلەمۆرد ودۆلەخەزێنە)یە، لەبەشی خvarووی قەڵاکە(قەڵاتەمۆرد یان شیوی قەڵاتە مۆردە)، لەسەرووی ڕۆژهەڵاتی(لوولە وشک)ە، و لەڕۆژئاواشی(بلباسەلە)یە، لەئاواییەوە تاسەر قەڵاکە بەپێ ڕۆیشتن(50)دەقیقەی خایاند، کە گەیشتینە سەر قەڵاکە تێبینی ئەوەم کرد کە هەموو پێکهاتەکانی قەڵاکە سروشتیە ولەگردێک پێکهاتووە بەشی خوارەوەی(سورکە) و بەشی سەرووی بەهەرچواردەوری بە(ڕەوەزە شاخێک)دەورە دراوە، ئینجا سەرقەڵاکە خاک وخۆڵە، تەنها دوو توولە ڕێ هەبوو بۆ سەرکەوتن یەکێکیان لەباشوری خۆرئاوا و ئەویتریان لە باشوری خۆرهەڵاتیدا، بەڵام تابڵێی ڕێگاکە ناخۆشە ئەگەر منداڵ و بەساڵاچوو و پەککەوتە بیت ناتوانیت سەر بکەویتە سەرقەڵاکە، کە گەیشتینە سەر قەڵاکە زەوییەکی قیناجی(بەدگونیە)ی فراوانمان بینی، نزیکەی یەک دۆنم(2500)مەتر دووجایە، بەلای ڕۆژهەڵاتدا لێژایی هەبوو تا بەرەو ڕۆژئاوا بچوبایەی بەرزتر دەبوو، لەبەشی ڕۆژئاوای سەرقەڵاکە(بیر)ێک هەبوو زۆر بەسروشتی دەچوو، بەڵام دەستکار بوو بەپانی(2)مەتر لەڕووی سەرەوەی پان بوو تا بەرەو خوار و قولایی بیرەکە دەچووی فراوانتر دەبوو، قولیەکەی نەمابوو پڕبوو بۆوە ئەوەندەی کەمابوو تەنها(5)مەتر قوڵایی مابوو، لالە عومەری مام عەزیز ووتی"لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو بیرەم بینیوە(100)مەتر قوڵ بووە"، بیرەکە بەوە ناچوو بۆ ئاو خواردنەوە لێدرابێت، دوو بیروبۆچونم لەلا گەڵالە بوو بۆ بیرەکە، یەکەم: لەوانەیە زیندانی بوو بێت یاخود دوای کوشتنی دووژمن یا نەیاران ڕووفاتەکەی فڕێ درابێتە نێویەوە، بەڵام تا ئەمڕۆ بنی بیرەکە نەزانراوە چی تێدایە تا ئەم بیروبۆچوونە پەسند بکرێت یان بەلاوە بنرێت.

بیروبۆچوونی دووەم: ئەوەیە وەک ڕێگا و مەنفەزێک بووبێت بۆ دەرچوون و دەربازبوون لەکاتی تەنگانە وشپرەزەبوون چونکە دەووترێت لەبەشی ڕۆژهەڵاتی لەدامێنی قەڵاکە کونێکی گەورە هەیە و نەزانراوە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەدووری ئەم بیرە سێ بیریتر دەبینران لەسەر قەڵاکە، بەڵام ئەوبیرانە بەوە دەچوو وەک(بیرەگومانانە) خەڵکی ئەم دواییانەی سێگردکان لێیان دابێت بەمەبەستی دۆزینەوەی پارچەی شوێنەواری و زێڕ و زیوو، واش دەردەکەوت کە ئەمانیش لەبنەڕەتدا بیربووبن بەڵام ڕۆژگار پڕیکردونەتەوە، سەرم لەم بیرانە دەرنەچوو، بۆ(3-4)بیر لەتەک یەکتری

لێدراون؟! تا ئەوەندە گەڕانە لەسەر قەڵاکە بەهیچ جۆرێک لەمێراب و قشراغی خانووم نەبینی تەنها کەرتە خشتی سوورەوەکراو نەبێت، بەلای لێژایی ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە کەندرێک ئاوی باران دڕیویەتی لەو کەندرەدا کۆنە مێراب و گۆزەی شکاو وئێسک وپروسکم بینی، ئەو سێگردکانیانەی لەگەلم بوون ووتیان"گۆڕ و قەبریشمان لێ بینیووە" بەڵام من هیچ شتێکی لەو شێوەیەم نەبینی، کەندرەکە بەقولایی(1)مەتر زیاتر لەلێژایی ڕۆژهەڵاتی قەڵاکە ئاو دڕیوویەتی، ئەو خشتە سوورەوەکراوانەی کەمن بینیم پێوانەم کرد(16×16)سانتیمەتر بوون(پانی و درێژی) واتە خشتەکان چوارگۆشە بوون و بەرزیەکەیان(5)سانتیمەتر بوو، ئەوە حەقیقەتی(قەڵای سێگردکانە) ئەوەندەی چاو بیبینێ، بەڵام دڵنیام ئەگەر(کنەکاری و پشکنین)ی بۆ بکرێت مێژوویەکی کۆن وەدەر دەکەوێت و یەکێکە لەگردە شوێنەوارییەکانی ناحیەی سێگردکان، دوا قسە لەسەر قەڵاکە لالە عومەر عەزیز ووتی" لەمەلا ئەحمەدی کوێر دەگێڕنەوە گوایە ووتویەتی کوپەیەکی زێڕ لەناو ئەم قەڵایە یە، لەوەرزێک لەگەڵ خۆر دەرکەوتن و سپێدە خۆر لێی دەدات" کەواتە خەڵکی گوندەکە هەندێکیان بەدوای ئەو قسەیەوە وێڵن و زۆر چاڵ و چۆڵیان لەسەر گردەکە هەڵکەندووە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەم کوپەزێڕە، بەڵام بەداخەوە وەرزەکەی دیاری نەکردووە چ جای ڕۆژەکە؟.!
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (ئاراس ئیلنجاغی)
سەبارەت بە (قەڵای سێگردکان یان(بان قەڵات) لە: 24-12-2014 12:38:15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 92

## قەڵای شاخ

http://www.kurdipedia.org/?q=2012011218452263800



قەڵای شاخ، یەکێکە لە گرنگترین قەڵاکانی پارێزگای ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان. دەکەوێتە گوندی بەردی فەتح و لە 12 کیلۆمەتری رۆژهەڵاتی ناوچەی زەرین ئابادی شاری دێهلوران هەڵکەوتووە.
ئەم قەڵایە کەوتۆتە شوێنێکی گرنگ و لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەم قەڵایەدا دوو رووبار هەن، ئەوانیش رووباری شاخ و رووباری دەرەشۆر-ن، کە لە باشووری قەڵاکە بەیەک دەگەن و یەک دەگرن. ئەم دوو رووبارەوە لە رووی پارێزگارییەوە گرنگییەکی دیکەیان بە قەڵاکە بەخشیوە بەهۆی ئەوەی کە بە ئاسانی دەستی دوژمن نەگاتە قەڵاکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

زمان - شێوەزار: کرمانجیی لوری

شارەکان: ئیلام
نەتەوە: کورد
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 93

## قەڵای شیروانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2009110223275722225



قەڵایەکی کۆنی مێژووییە، لەسەر تەپۆڵکەیەکی دەستکرد لەسەر ڕووباری سیروان لەشاری کەلار بتیاتنراوە، لەباری مێژووی دروستکردنی قەڵاکەوە زانیاری وردو ساغکراوە نییە، هەندێک دەڵێن لەلایەن ئەنەوشیروانی ساسانییەوە بنیاتنراوە، هەندێکیش رایانوایە حەمە پاسای جاف دروستیکردووە، هەرچەند ناوبراو کۆچەر بووەو لەقەڵادا نەژیاوە، بەڵام لایەنگرانی ئەم رایە دەڵێن کۆشکی زستانەی حەمە پاشا بووە، بەڵام گومان لەسەر ئەم رایە دروستدەکات بوونی تونێلکی ژێر زەوی بووە لە قەڵاکەوە بۆ سەر ڕووباری سیروان، کە هەندێک دەڵێن ئەوە دەلالەتە لەوەی کە بۆ حاڵەتی شەڕوو گەمارۆدان سوودی لێوەرگیراوەو ئاوی لێوە هێنراوە بۆ ناو قەڵاکە.
رایەکی دیکەش هەیە دەڵێت تەپۆڵکە خۆڵەکە لەلایەن ئەنەوشیروانی ساسانیەوە بنیاتنراوەو کۆشکەکە لەلایەن حەمە پاشاوە دروستکراوە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (wrya) سەبارەت بە (قەڵای شێروانە) لە: 8-10-2010 13:26:23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 94

## قەڵای مێژوویی وان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112214611118753



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شارەکان: وان

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 95

## قەڵای نەوتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140621171410100943



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا

شارەکان: قەرەداغ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 96

## قەڵای هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=200909171424272035



قەڵای هەولێر تەپۆلکەیەکی بازنەیی رووتەختە، رووبەری (102.190) م2، ناوەڕاستی شاری هەولێر داگیر دەکات، 415م لە ئاستی رووی دەریا بەرزترە و بە بەرەنجامی 26م و 25سم لە ئاستی رووی شاری هەولێر بەزرترە، کە لە بەرزترین شوێن دەگاتە نزیکەی 30م.هەندێک بیرورا هەیە کە دەڵێت قەڵای هەولێر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە، بەڵام لە ساڵی (216ز) ئیمپراتۆری رۆمانی (کراکلا) کاتێ هێرشی بۆ سەر تیسفۆن لە هەولێردا رۆیشتووە و تەپۆلکەکەی قەڵا کە گۆرستانی پاشا فۆرپییەکان بووە رووخاندووە و ئێسک و پروسکی مردووەکانی دەرهێناوە،زانای ئەمەریکی(ئەداورد کە بیرا) مامۆستای زانستی ئاشوورییەکان لە زانکۆی شیکاغۆ دەڵێت: لە عێراقی ئێستادا هەندێک شار هەن کە تاکو ئێستا خەڵکیان تیا دەژی کە چی خۆی لەسەر گوند و شاری کۆن دروستکراوە، لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکووک،

تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە بەڵام لەسەروبەندی ساڵی 2000

پ.ز له نووسراوه‌كانی پادشای سۆمه‌ری)شۆلكی) به ناوی(ئوربیلوم -
(urbilumهاتووه.
ته‌مه‌نی قه‌ڵای هه‌ولێر به ته‌واوی دیار نییه به‌ڵام له‌سه‌روبه‌ندی ساڵی 2000
پ.ز له نووسراوه‌كانی پادشای سۆمه‌ری(شۆلكی) به ناوی(ئوربیلوم -
(urbilumهاتووه. بەر لەوە و لەچاخی ئەكەدی (3350- 2150 پ.ز و
لەسەردەمی یەكەم پاشایان(سەرجۆنی ئەكەدی) و لە هەڵمەتەكەی بەرەو
باكور بۆ فراوانكردنی ئیپمراتۆریەتەكەی بە هەولێردا ڕۆیشتووە و باس لە
هەولێر دەكات.ئیتر لەم مێژووە بە دواوە و لەسەرجەم چاخەكان باس لە
هەولێر كراوە، كە دەڵێین هەولێر واتا(قەڵا)،
قەڵای هەولێر كە تەمەنی(بەپێی توێژەران) 6000 ساڵە لەم ماوە درێژەی
تەمەنی چەندین جار مەبەست لە هەبوونی گۆڕاوە، ئەم قەڵایەی
لەسەردەمی سۆمەریەكان دروستكراوە و دوای ئەوان بە دەیەها نەتەوە و
شارستانیەت لە سەری ژیاون، لەم ماوەیەدا چەندین جار مەبەست لە
بوونی گۆڕاوە و جگە لە جێنشین مەبەستی تری
پێكاوە،لەسەردەمی ئاشورییەوە،بەدیار دەكەوێت كە پەرستگای خواوەند
عەشتار بووە(خواوەندی جەنگ و سەركەوتن) و بەم مەبەستەش پادشا
ئاشوریەكان حەجیان بەرەو قەڵای هەولێر دەكرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رادیۆی نەوا

تایبەتمەندییەكانی بابەت
وڵات: باشووری كوردستان
كویك ریسپۆنس كۆد:

بابەتی ژمارە: 97
## قەڵای كونجانچەم
http://www.kurdipedia.org/?q=20120109190155637 34



قەڵای كونجانچەم، دەكەوێتە 15 كیلۆمەتری باكووری ڕۆژهەڵاتی شاری
مێهران، لە پارێزگای ئیلامی ڕۆژهەڵاتی كوردستان.
ئەم قەڵایە سێ دەرگای هەیە، دیوی دەرەوەی قەڵاكە هەمووی بە بەرد
دروستكراوە، چوار بورجی پاسەوانی هەیە. هەروەها هەموو ژوورەكانی
قەڵاكە بەیەكەوە بەستراون و ڕاڕەوەكانی سەرداپۆشراون.
بە گوێرەی زانیارییەكان، قەڵای كونجانچەم (كنجانچم) ساڵی 1305 ی
هەتاوی، بە فەرمانی غوڵامرەزاخانی دواهەمین والی ئیلام، لە كەناری
چەمی كونجانچەم لە وەرزی زستاندا دروستكراوە.
لە ئێستادا لە فەرمانگەی میراتی فەرهەنگی ئێران وەك شوێنەوارێك
تۆماركراوە.

تایبەتمەندییەكانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
زمان - شێوەزار: كرمانجیی لوری

شارەکان: ئیلام
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 98

## قەڵای کەریم خان، قەسری شیرین 1911

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102121371288253



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری شوێن / شوێنەوار: قەڵا
شارەکان: قەسری شیرین
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 99

## قەیسەری نەقیب

http://www.kurdipedia.org/?q=2012081114124667487



یەکێکە لە مەڵبەندە بازرگانییە هەرە کۆنەکانی ناو شاری سلێمانی. ساڵی 1900 شێخ مستەفای نەقیب کە دەکاتە مامی شێخ مەحمودی حەفید دروستی کردووە.زۆربەی وەستا و کرێکارەکان کە لە دروستکردنی ئەم قەیسەرییەدا ئیشیان کردووە لە سنە و کرماشانەوە هاتن و شارەزایی زۆریان هەبووە لە هونەری بیناسازیدا.نەخشەی قەیسەرییەکەش هەر هەمان نەخشەیە کە لە قەیسەری و بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەکارهاتوون. کاسبکارەکانی ئەم قەیسەرییە جۆراو جۆر بوون وەک خەیاتی و دەلاکی و وشکەفرۆش. بەڵام لەدوای ساڵی چلەکانەوە شەقڵێکی تری بەخۆوە گرت و زیاتر بوو بە بازاڕی عەتارەکان. سەرچاوەی کەل و پەلەکانیش لە بەغدا و سوریا و ئێرانەوە دابینکراون و بازرگانەکانی ئەو سەردەمە خۆیان سەفەری ئەو وڵاتەیان کردووە و تازەترین کاڵایان بۆ دوکاندارەکانی ئەو قەیسەرییە هێناوە. لافاوە بەناوبانگەکەی شاری سلێمانی لە ساڵی 1957 دا زیانێکی گەورەی بەم قەیسەرییە گەیاندووە. ئەو سەردەمە لاوان و مامۆستایان و پیاوە ناودارەکانی کورد کۆمەکی ماددیان پێشکەش بە زیانلێکەوتووان کردووە. ساڵی 1988یش لە ڕووداوێکی تردا قەیسەرییەکە سوتا و خەڵکەکەی تووشی زیانێکی قورس بوون.دەیان پیاوی ناسراو و کاسبکار و بازرگان لە موسوڵمان و گاور و جولەکە لەم قەیسەرییەدا کاسبییان کردووە. تۆفیق قەزاز و حاجی شێخ عەلی و حاجی مەلا سەعیدی

مامە خەلانی و حاجی عەزیزی شەرعی و شەلەمۆ عەزیز حەکیم و موشێی عەتار و سیمانە و سەلیم بەگی کوتاڵفرۆش هەندێک لە کاسبکارە ناسراوەکانی سەرەتاکانی سەدەی رابردووی ناو قەیسەری نەقیب بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 100

## قەیسەریی کفری

http://www.kurdipedia.org/?q=20130127153137753



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 101

## گردی بەکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131021214920882



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 102

## گردی عەوێنە

http://www.kurdipedia.org/?q=20081216233042806



ئەم گردە وەک شار بووە هەروەک لە نووسینە مسماریەکاندا نیشانەی پێکراوە، ئەم گردە بەپێی بەڵگەنامە سەرەتاییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زایینیەوە تا سەردەمی عەباسیەکان واتە بۆ ماوەی زیاتر لە سی هەزار ساڵ ژیانی تێدا بووە .
ئەم گرد یەکێکە لە شارە کۆنەکانی نێوان نەینەوا و هەولێر و ئاشوور و بە گەورەترین گردی شوێنەواری دەشتی هەولێر دادەنرێت لە دوای گردی قەڵای هەولێر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 103

## گردی نادر

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050408215857257



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: هەولێر

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 104

## گۆڕێکی سەردەمی ئەشکانیەکان لەگەرمیان دەدۆزرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081616382489142



پاش ئاشکرابون و دۆزینەوەی لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسانەوە، ئەمڕۆ ئێسک و پروسکی گۆڕێکی گڵێنەی لەگەرمیان گواسترایەوە بۆ مۆزەخانەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان لەکەلار.
ئاودێر محەمەد، گەرمیان: جێگری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، ساڵح محەمەد، ئەمڕۆ، هەینی، بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، ماوەیەکی زۆرە تیمێکی تایبەتی شوێنەوارناسانی گەرمیان لەنێوان قەزای کەلارو دەربەندیخان بەدوای شوێنەواردا دەگەڕێن، پاش گەڕانێکی زۆر ئەمڕۆ توانیمان گۆڕێکی گڵێنەی لەگوندی بەرلوتی سەر بەقەزای کەلار بدۆزینەوە.
ئاشکرایکرد، پێش ئەو گۆڕە بەر لەماوەیەک گۆڕێکی دیکەی گڵێنەیان دۆزیوەتەوە.
لەبارەی مێژووی گۆڕەکەش یاریدەدەری بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد، مێژوی ئەو گۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانیەکان کە لە 250 پێش زاینەوە لەناوچەکەدا حوکمڕانیانکردوە.
هەر ئەمڕۆ ئیسک و پروسکی گۆڕەکە بۆ مۆزەخانەی گەرمیان کە دەکەوێتە قەڵای شێروانە لەکەلار گوازرایەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-08-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەلار |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 105

## گۆڕی ئەحمەدی خانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081100314889198



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 106

## گۆڕی ئەویندارران

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090523080388911



موزەخانەی شوێنەوارناسی زانکۆی پەنسلڤینیای ئەمریکا یەکێک لە ناسراوترین وێنەکانی خۆی بڵاوکردوەتەوە کە لە سایتێکی شوێنەوارناسی رۆژهەڵاتی کوردستان گرتویەتی و سەرنجی زۆر کەس بەلای خویدا رادەکێشێت و زۆر کەسی سەرسام کردوە.
ساڵی 1972 لەکاتێکدا ئەو شوێنەوارناسانەی لە تەپۆڵکەی حەسەنلوو کە دەکەوێتە 85 کیلومەتری باشوری شاری ورمێ (سەر رێگای نەغەدە- شنۆ) خەریکی هەڵکۆڵین بوون دیمەنێکی سەرنجراکێشیان بینی و ئەو دیمەنەیان بە کامێرا تۆمار کرد.
تیمێکی توێژینەوەی هاوبەشی ئێرانی - ئەمریکی بە سەرپەرشتی د. رۆبەرت ئێچ دایسۆن لە و تەپۆلکە مێژوویەدا گلکۆیەکیان هەڵدایەوە کە ئێسک و پروسکی دوو کەسی تێدا بوو کە بە و پەڕی خۆشەویسیەوە باوەشیان بەیەکدا کردبوو.
هەر لە و کاتەوە ئەو گۆڕە بە "گۆڕی ئەوینداران" ناسراوە کە مێژووەکەی بۆ 3 هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.
تەپۆڵکەی مێژوویی حەسەنلوی رۆژهەڵاتی کوردستان مێژووەکەی 1000 بۆ 8 سەد ساڵ دەگەڕێتەوە و کەوتوەتە 7 کیلۆمەتری شاری نەغەدە لە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان.
لە ماڵپەڕی ڕادیۆ نەواوە وەرگیراوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: شوێن

شارەکان: ورمێ

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 107

## گۆڕی زەینولعابدین

http://www.kurdipedia.org/?q=20100927224303970‍4



داقوق
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 108

## گۆڕێکی ناو گۆزە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112224716118766



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری شوێن / شوێنەوار: کەرەستەی کۆن

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 109

## گەرماوی حاجی ساڵحی سەقزی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101135315213316



مێژووی ئەم حەمامە بۆ دەورەی سەفەوییە و زەندییە دەگەڕێتەوە و ئەم شوێنەوارە مێژووییەی شاری سەقز لە ساڵی 1379ی هەتاوییدا بە ژمارەی 2839 و بە فەرمی خرایە ریزی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران و سەبت کرا.
لە تایبەتمەندیەکانی ئەم شوێنەوارە دەتوانین ئاماژە بە سەقفی گومەزی، حەوزخانە، توونی حەمام، بەکار هێنانی کۆلەکەی لە بەرد داتاشراوی سێ پارچە بکەین و بە شێوەیێکی گشتی شارەزایان پێیان وایە کە هەموو تایبەتمەندێکی شێوازی بیناسازی دەورەی سەفەوییەکان لەم حەمامەدا رەنگی داوەتەوە.
ئەم شوێنەوارە لە کاتی دروستکردنیەوە تا ساڵی 1354ی هەتاوی وەک حەمامی گشتیی کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ساڵی 1373 وەک شوێنی وەرزش و "زۆرخانە" کەڵکی لێ وەرگیراوە و کۆمەڵێک گۆڕانکاریی نەرێنی و تێکدەرانەی تێدا ئەنجام دراوە. پاشان لە ساڵی 1373وە چۆڵ کراوە و هیچ چەشنە کەڵکێکی لێ وەرنەگیراوە تا ئەو کاتەی کە رێکخراوەی میراتی کولتووری کۆریوەتی و ویستوویەتی وەک مۆزەخانەی سەقز کەڵکی لێ وەربگرێت و نۆژەنی بکاتەوە.
لەو کاتەوە تا هەنووکە ئەم رێکخراوە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە حەمامەکەدا ئەنجام داوە بۆ ئەوەی وەک مۆزەخانەیەک ئامادە بکرێت، بەڵام هەندێک کێشە بوەتە هۆی ئەوەی کە نۆژەنکردنەوەی ئەم حەمامە تا ئێستا تەواو نەبێت، کە گرینگترینیان بریتین لە :
1ـ دروستکردنی چەند باڵەخانە و تەلاری بازرگانی و ئاپارتمان لە تەنیشت ئەم حەمامەدا کە بەرزاییەکەیان لە 20 میتر زیاترە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە نما و بەرجەوەنی حەمامەکە، لە دوورەوە دیار نەبێت.
2ـ حەمامی حاجی ساڵح لە ساڵی 1381وە لە خاوەنەکەی کڕاوە و بڕیار وابوو وەک مۆزەخانەی کۆمەڵناسیی شاری سەقز کەڵکی لێ وەربگیردرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە و حەمامی ناوبراو وەک زبڵدان و کەلاوەی لێ هاتووە.

3ـ کۆمەڵێک کێشەی بەرچاو لە شێوازی نۆژەنکردنەوەی حەمامەکەدا بەرچاو ئەکەون کە بریتین لە: داپۆشانی وێنەکان و ئاهەکپریەکانی نێو حەمامەکە بە گەچ، بەستنی کونە رۆچکەکان، کەڵک وەرگرتن لە وەستاکاری ناشارەزا بە هۆی کەم کردنەوەی تێچووەکان کە لە ئاکامدا سەربانی حەمامەکە بە شێوازێکی نازانستیانە ئاجوورچین کراوە.
4ـ گومەزی بەشی حەمامە ساردەکە بە 15 میتر بەرزاییەوە، لە شێوازی خۆیدا بێ وێنەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەو دووکانانەی کە پێشتر فرۆشراون تا ئێستا نەکڕاونەتەوە و نەخراونەتەوە سەر حەمامەکە، بەشی ساردی حەمامەکە بە شێوەی دووبەش و نوقسان خۆی ئەنوێنێت و هیچ پلانێکیش لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەو دووکانانە بخرێتەوە سەر حەمامەکە.
5ـ درگای چوونە ژوورەوەی حەمامەکەش ئێستا وەک ویترین و وەنەدی دووکانەکانی دەورووبەر کەڵکی لێ وەردەگیردرێت و ئەمە سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە بە داخەوە ساڵی جارێکیش کەس سەر بەم حەمامە مێژووییەدا ناکات .
سەرچاوە: ماڵپەڕی سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 110

## گەرماوی میرزا رەسوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140101195018869 52



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: مەهاباد

ولات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 111

